# ئایا رۆڵەكانی كورد تەنیا بێ گاز ماون، یان لە گێژاوی نەبوونی ڕێبەرایەتییەكی یەكگرتوودا خنكاون؟

**سالار حیسامی**

لە ساڵانی شۆڕشی گەلانی ئێران و لەسەردەمی خەبات بۆ رووخاندنی رژیمی پاشایەتی، ئێمەی گوندی و كێوی و سادەدڵ، بە دروشمی "ئێمە خەڵكی دێهاتین، بۆ تێهەڵدان شا هاتین" خۆمان بەرەو ناوەندی شارەكان گلار كردەوە و بەگۆپاڵ و "داس و چەكوش" ویستمان "سەرنەیزە" مەحكووم بكەین، لە سەنتەری شارەكانیشدا كاڵفامی سیاسیی پێشەنگەكان، بەڵایەكی ئەوتۆی بەسەر گەلانی بندەستی ئێراندا هێنا كە هەتا هەنووكەش لە ژێر باری ئەو ناهامەتییانەدا بە هەموو نەتەوە و كەمایەتییە ئایینییەكانیەوە دەناڵێنن.

لەوێڕا كە هێزەكانی كۆنەپەرست بە ڕێبەری خومەینی، لە لاوازی هێزە دیمۆكراتی و نەتەوەییەكان كەڵكیان وەرگرت و سواری شەپۆلەكانی راپەڕین بوون، هەر وەها بە بۆنەی ئەوەی كە خەڵكانێك پێیانوابوو حكومەتێكی دینی دەتوانێت دادی كۆمەڵایەتی بچەسپێنێ، ئەو بەلاڕێداچوون و بۆچوونە چەوتە، دواتر زیانی هەموو لایەنەی لێكەوتەوە بە جۆرێك كە قەرەبووكردنەوەی زۆر ئەستەمە.

هەر دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (1357)ی هەتاوی، زلهێزەكان لە غفڵەت و لادانی سیاسەتوانانی كورد و ئێرانی لە رەوتی شۆڕشە كەڵكیان وەرگرت و بە هەوڵ و هیممەتی حزبی "تودە" و لە ئاكامی بەرانبەركێی جیهانی دوو جەمسەری و بەربەرەكانێی ناوخۆیی و بە هۆی چەند فاكتێكی دیكەوە، كۆلكەمەلایەك پڕیی بە چواربەنی (كورسی) دەسەڵاتی سیاسیدا كرد و وەك جەردەیەكی كارا، رێگەی سەد ساڵەی بە شەوێك بڕی و "عەمامە" رەشەكەی، جێی تاجی پاشایەتی گرتەوە و ئیتر بوو بە چڵەپۆپەی دین و "ولایت فقیە" بوو بە بونیاتنەری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و یەكەم فیتوای ناموبارەكیشی، جیهاد لە دژی بەشێكی بەرچاو لە نەتەوەی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان بوو.

مێژوو شایەتی دەدا کە چۆن سوپای جیهاد ئەو کەرتە رزگارکراوەی کوردستانی شەلالی خوێن کرد و چۆن ئاخوندەکان نزیك بە 3 دەیەیە بە دڕندانەترین شێوازەکان خەڵکی ناڕازی بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی سەرکوت و دەمکوت کردووە و سەرتایی ترین داوا رەواکانیان بە ئاگر و ئاسن وەڵام دراوەتەوە.

ئەگەر لەسەرباسی ئەم نووسینەدا ئاماژەیەك بە (شا) کراوە و خراوەتە لایەکی قەپانەکەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە نووسەری ئەم دێڕانە سەنگەری ناسیونالیزمی کوردیی گۆڕابێ و بەرەو ریزی لایەنگرانی سیستەمی دەسەڵاتداری پاشایەتی بای دابێتەوە، یان بیەوێ ببێ بە سەربازی نەوەی رەزاشا، بە پێچەوانەوە، ئەو سیستەمە سیستەمێکی بەسەرچووە و جارێکی دیکە ناتوانێ لە گۆڕەپانی دەسەڵاتی سیاسیدا خۆی بنوێنێ، شا و دارودەستەکەشی سزای تاوانەکانی خۆیان بینی و تاج و تەختیان ژێروژوور کرا، ئەگەر پاشماوەکانیشیان وزە و هێزێکیان تێدا بەدی بکرێ، تا ئەو ئاستە شایانی رێزن کە هەوڵی رووخاندنی دیکتاتۆری حکومەتی دینی ئێران بدەن و داوای گەڕانەوەی تاج و تەختیش بۆ میراتوەرگرانیان نەکەن. بەهەر حاڵ "مردوو شەیتانیش وازی لێدێنێ"، بەڵام باوە لە نێوان خراپ و خراپتر دا خەڵك هیوا بە خراپەکە دەخوازێ.

لەوانەیە بەو هەموو قەیرانە جۆراوجۆرانەوە کە رۆژانە لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە شێوەیەکی بەرین لە هەڵکشاندایە و بەرۆکی دەسەڵات و گەلانی بندەستی ئێرانی گرتووە، باسکردن لە داخستنی بۆرییەکانی گاز لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، یان نەناردنی سووتەمەنی بۆ شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەیەکی کاتی، جێگەی سەرسوڕمان بێت، یان لە قەپاندانی دوو سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی ئێران (پاشایەتی و ئاخووندی) لە دوو زەمەنی جیاواز و لە پاش نەمانی ئاسەواری لایەنێکیان، نەگونجاو بێت، بەڵام تایبەتمەندییەکانی هەر نەتەوەیەك بەراوردێکی بابەتییانەی پێویستە و شیکاری خۆی دەوێ.

بۆ ئێمەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان، جاران کەمترین دەرفەت، بیانوویەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داکۆکی لە مافە رەواکانمان بکەین و کۆشك و تەلاری داگیرکەران وەلەرەزە بخەین. ئەوەش راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە گیانبازی پێشمەرگە و چالاکی بوێرانەی خەڵکی گیان لەسەر دەست، دەیان جار هەیبەتی هێزەکانی داگیرکەری لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان شکاندووە، ئەگەر پێشمەرگە ئۆردووگا نشینەکانی

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە بیانووی ئەوەی کە نایانهەوێ پەرلەمانی کوردستان لە باشووری وڵاتەکەیان بکەنە قوربانی هەڵپەهەڵپی خۆیان، ئەی هێزەکانی ناوخۆ بۆچی رەنگ و بەرامەی دروشمەکانیان گۆڕیوە؟! ئەمە پرسیکە و ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت کە لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان خۆیاندا، سوێند بە سەری یەکتر دەخۆن و پاشەملە لەبەر چاوچنۆکی و تمووحی دەسەڵات، ئاوات بە مەرگی یەکتر دەخوازن و بە خوێنی یەك تینوون!! ئەوەی سەرپۆش دەخاتە سەر ئەم راستییە، با ئەوەش روون بکاتەوە کە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە پاش 15 ساڵ لە داهێنان و داواکردنی ئەم زەروورەتە مێژووییە لە لایەن رێبەرێکی گەنج و نوخبەی وەك "سەعید یەزدانپەنا" کە گیانی پاکیشی لەسەر دانا، چ حەوت خانێکی ئەستەمی لە پێشە! ئەگەر هەنگاویشی بۆ نراوە، هیچ هیوایەکی لێنەکەوتۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لایەنە سیاسییەکان تەنها بستێك لە یەکتر نزیك نەبوونەتەوە، لە ناو خۆشیاندا بە بێ هیچ جیاوازییەکی تیۆریك شایەتی لێکدابڕان و جیابوونەوەکانی پەیتا پەیتای حزب و لایەنەکانین! بۆیە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیش خەریکە دەچێتە قاڵبی "نافەرمانی مەدەنی" و دروشم و داخوازییەکانی خەڵکیش بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەڕوا. بەم پێیە رنینی بەریی خەباتی رێگەی رزگاری و وەدیهاتنی خەونی شەهیدان، دەبێتە شتێکی مەحاڵ. بێگومان هەتا کورد خۆی لە ئێرانی بوون رزگار نەکات و خەباتی پەرتەوازە و لێکترازانەکانی بەردەوام بێت، ئاسۆیەکی روناك بۆ دادێی سیاسی خۆی بەدی ناکات..

سەرنجێکی ئەم دروشمەی خۆپیشاندەرانی شاری سەقز بدەن: "**شا و ئاخووند فەرقی نییە، کوردستانیش گازی نییە**"، بەشی یەکەمی سەبارەت بە دەسەڵاتی ناوەند و چەرمەسەرییەکانی ژینی بندەستی راستە و بە درێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان، هیچ داگیرکەرێك گوڵێکی لەسەری کورد نەداوە، بەڵام لە بەشی دووهەمی دروشمەکەدا، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێ کە ئایا کوردستان تەنها گازی نییە؟ ئەی زیندانیانی سیاسی لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟ "شوانەی سەید قادر" چۆن هەنجن هەنجن کرا؟ "نازەنین فەتاحی" کیژە کوردێکی تەمەن 18 ساڵان بە هۆی بەرگری لە کەرامەتی خۆی، لە بەندیخانە و لە ژێر دەستی زیندانوان و جەلادەکانی ئێراندا چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمی "ئێعدام" دەکات، سەرکردایەتی کورد چ

پاڵپشتییەکی لەو جوامێرە بێتاوانە کردووە؟ لە حاڵێکدا شاجوانێکی ئێرانی بە ناوی "نازنین ئەفشین جەم" بۆ رزگارکردنی نازەنینی بێتاوان هەموو دەرگەکانی کوتاوە. ئایا ئەمە ئەو راستییە ناسەلمێنیٚ کە رێبەرانی سیاسی کورد لە رۆژهەلاٚتی ولاٚتەکەمان، بەو جۆرە بە لێکدابڕان و لەیەکترتێنەگەیشتنانە، هەر وەها بە دوورکەوتنەوە لە خواستە رەواکانی گەلەکەیان، تۆوی ناهۆمێدی دەچێنن؟ هەتا هەنووکەش نەیانتوانیوە بە لێك تێگەیشتن و پاککردنەوەی نیەتەکانیان لە تاکتیك و گێچەڵ، بە یەکڕیزی و یەکهەڵویستی خۆیان، مزگێنی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بە خەڵکی هەرگیز نەحەساوەی کورد بدەن و ئاوڕێك لە قوربانییەکانی کەلتووری ئیسلامی سیاسی و دەستی داگیرکەر بدەنەوە.

ئایا یەك بە یەکی سەرۆك و رێبەر و ئەندامانی سەرکردایەتی حزب و رێکخراوە و لایەنەسیاسییەکان لەوە ئاگادار نین کە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و سەریەك خستنی وزە و هێزەکانی سیاسی ونیزامی کورد، هەڵقولاٚوی خواست و ئیرادەی گەلەکەیانە؟! مەگەر نازانن "نازەنین"ەکان دەکرێنە قۆچی قوربانی و ئەم جینایەت و مرۆڤکوژییە لە گەڵ مەرگی کۆماری ئیسلامیدا دەپێچرێتەوە؟ سەرکردایەتی سیاسی کورد هەموو ئەم شتانە دەزانن، بەلاٚم لە گێژاوی خۆخوازی پەتیدا خنکاون و هیچ کوردێك ئاوات بەوە ناخوازێت و بە پێچەوانەوە ئەگەر پێی بکرێت لێیان هەڵدەپێچێتەوە و رەخنەی توندیان ئاراستە دەکات.